

# مۆدەی تازە لەکراسەکانی خانمانی بووک

مۆدەی کراسە جوانەکانی خانمانی بووک، شایستەیە کاتێك بە جوانترین و رازاوەترین شێواز دەردەکەوێت، بە تایبەت کاتێك لەگەڵ جەستە و شێوازی ماکیاژی خانمی بووک دەگونجێت و جوانییەکی گەورە دەردەخات، لەم رێگەیەوە دبێ خانمانی بووک شایستەی جوانترین کراسی بووک بن. یەکێك لە گرنگترین جوانی کراسی بەدڵلەی بووک، بریتییە لە شێوازی ئامادەکردنی نەخشی کراسەکەیە، لێرەدا دوو جۆرە نەخش هەن، یەکێکیان بۆ بەشی سەرەوەی کراسەکە، ئەوەی دیکەش بۆ بەشی خوارەوە، مۆدەی ئێستا دەبێتە مۆدەیەکی تازە زیاتر نەخشەکە تێکەڵاوە نێوان سەرەوە و خوارەوەی کراسەکە. لەگەڵ دانانی شێوەی کراسەکە بە شێوەیەکی تەسك و جەستە دەگرێ، لێرەدا جوانییەکەی دەردەکەوێ و دەبێتە کراسێکی شایستە بۆ خانمانی بووک.

# هەنگاوەکانی دانانی تەسریحەیەکی جوان

**ساڵۆن ستۆکهۆڵم- هەولێر**

دانانی تەسریحەکان زۆر جار گرنگی و ماندووبوونێکی زۆری دەوێ بۆ ئەوەی قژ لە تەسریحەیەکی جوان و قەشەنگدا دەربکەوێ، بە تایبەت کاتێك خانمان دواوەی قژ تەسریحە دەکەن، یان ئامادەی دەکەن، ئەوەش بەهۆی نەبینینی شێوەی تەسریحەیەکە بە تایبەت تەسریحەی پشتی سەر، چونکە لە ئاوێنەدا بەجوانی دەرناکەوێت.

لێرەدا ئەگەر خانمێك تەنیا بێ، بە ئاستەم کارەکەی بۆ دەکرێ، ئێمەش چەند هەنگاوێکمان داناوە لەوەی چۆن خانمێك بتوانێ بە تەنیا تەسریحەیەکی جوان و قەشەنگ بۆ پشتەوەی سەری خۆی بکات. هەنگاوەکان بە زنجیرە دانراوە

- لەسەرتادا دەبێ قژی سەر بکرێت بە لوولە.


- دواتر قژەکە بە لوولەیی لار دەکرێتەوە.

- لە هەنگاوی سێیەم دەبێ سەری قژەکە لە ناوەوەی لوولەکە دەربهێنرێت..

- پاشان تۆقەیەکی لە شێوەی قەلەم دادەنێن، بۆ ئەوەی لوولەکە ببەسترێت.

- دواتر بە هەمان شێوە تۆقەیەکی دیکە لە بەرامبەر ئەوەی یەکەم دەدەین و بەم جۆرە تەسریحەیەکی لوولەکی جوانمان بۆ دەردەچێت.








# جوانی و سەرەنجراکێشی جلوبەرگانی ماڵەوە

خانمان دەبێ لە ماڵەوەش بە جوانترین شێواز دەربکەون، وەکو چۆن لە دەرەوە بە جوانترین شێوازی مۆدە و جلوبەرگ و ماکیاژ دەردەچن، یەکێك لە جوانی خانمان دەبێ لە ماڵدا جوان و رازاوە بن، ئەمەش لە جلوبەرگ و شێوازی گرنگی دان بە جەستەدا دەردەکەون. بۆیە دەبێ خانمان لە ماڵ گرنگی بە جلوبەرگی ماڵ بدەن.

یەکێك لەو جلە ناسکانەی خانمان زیاتر جوانتر دەکەن، بریتییە لە جلوبەرگی ماڵ یان جلوبەرگی نووستن، ئەویش کە بریتییە لە : قاتی تراکسووت — بیجاما — کیلۆت و کۆڵۆن، بەڵام زیاتر تراکسووت وەك جلێکی جوان و سەرەنجراکێش دەپۆشرێت لە ماڵ. ئەمەش چەند نموونەیەکی بیجاما و تراکسووتە جوان و سەرەنجراکێشانە بۆ گشت خانمێك.










## دیکۆری رەش و سپی بۆ ژووری چێشت

دیکۆرەکان بە جوانترین شێواز ماڵەکان جوانتر و رازاوەتر دەکەن، لە دیکۆردا دبێ سەرەتا گرنگی بدرێت بە جوانی کەرەستەکان و شێوازی دانانی دیکۆرەکان، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگترین شت بریتییە لە رەنگی دیکۆرەکان، چونکە رەنگەکان دەتوانێت جوانترین و ناسکترین دیمەن ببەخشێت بە دیکۆری هەر شوێنێکی ماڵ. رەش و سپی، یەکێکە لەو دوو رەنگە سەرەنجراکێشەی دەتوانێت جوانترین دیمەن ببەخشێت، تەنانەت دوو رەنگی لەم جۆرە هەر یەکە سەرەنجراکێشیەك بەدی دەکات. یەکێك لە جوانترین رەنگ بۆ ژووری چێشت، بریتی دەبێ لە رەنگی رەش و سپی، چونکە ژووری چێشت پێویستی بە دیکۆرێکی هێمن و ناسکە، ئەم دیکۆرەش رەنگی رەش و سپی دروست دەبێ.










# کەیت وینسڵێت باشترین ئەکتەرە

دوای ئەو مەراسیمە تایبەت و گەورەی تایبەت بە خەڵات کردنی چاکترین و نایابترین فیلمی ئەورووپی، کە لە شاری بوشومی وڵاتی ئەڵمانیا بەڕێوەچوو، تیایدا خانمە ئەکتەری بەریتانی و پاڵەوانی فیلمی تیتانیك ( کەیت وینسلێت) توانی نازناوی باشترین ئەکتەری کیشوەری ئەورووپای پێببەخشرێت.

نازناوەکە لە بری ئەو رۆڵەی لە فیلمی (رەیدەر) بوو کاتێك بە رۆڵی پاسەوانێکی ئازاردەی کەمپەکانی نازییەکان وەرگرتبوو لە فیلمەکە، بەهۆی ئەو رۆڵە بەرچاو و سەیرەی بینی بووی لە فیلمەکە بۆیە توانی زۆرترین دەنگ کۆبکاتەوە بۆ وەرگرتنی ئەو نازناوە. خاتوو کەیت ئێستا تەمەنی (٢٨) ساڵە و لە چەندەها فیلمی جیهانی بەشداری کردووە و رۆڵی تیایدا بینیوە.

## مۆدە جوان و سەیرەکانی (برۆ)!

مۆدە سەیرەکان بە گوێرەی ئەو کەسانە دەردەکەون کاتێك بە شێوەیەکی دوور لە مۆدە سادەکان کاری وادەکەن دەبێتە جێگەی جوانی و سەرسوڕمانی گشت کەسێکی دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا شێوەی مۆدەکەیان دوورە لە سادەیی و کاری ئاسایی، بەڵام بەهۆی ئەو کارانەوە دەبن بە خاوەن نازناوێکی تایبەت، کە مەبەستیان بەم جۆرەیە. (برۆ) یەکێکە لە لایەنێکی جوانی لە جەستەی مرۆڤ، بە تایبەت ئافرەتان، ئەو چەند برۆیەی ئەو خانمانە دەبێتە کۆمەڵە برۆیەکی سەیر و سەرسورهێنەر، هەر یەکە بە شێوە و مۆدەیەکی تایبەتە، لە هەموویان سەیرتر برۆی لە شێوەی دار و بارە کە یەکێکە لە مۆدەکانی برۆی یەکێك لەو خانمانە.





## گەنجێک رۆژانە (٢٠) پیتزا دەخوات

ئەوانەی زۆر خواردن دەخۆن، رێژەیەکی زۆر نین لە ناو خەڵکدا، تەنانەت زۆر خواردن هۆکاری خراپ و تەمەن کورت دەکاتەوە ئەمەش بەپێی راو و بووچوونی پسپۆرانی بواری خواردنەمەنییە. کەچی ئەو پیاوە گوێ بەو قسانە نادات و رۆژانە لەگەڵ خۆشترین خواردن لەلای کە پیتزایە، یادگارییەکانی تۆمار دەکات و سگەکەی تێر دەکات.

(کین ویتس) ئەو گەنجەیە لە وڵاتی ئوستراڵیا دەژییێت و، لەگەڵ ئەوەی گەنجێکە، کەچی رۆژانە پیتزاییەکی گەورە نۆشی گیان دەکات، پیتزای ئەو گەنجە جیاوازە لەگەڵ پیتزای خەڵك، تەنانەت هەر پیتزاییەکی (کین) (٢٠) ئەوەندەی پیتزای خەڵکی دیکەیە، واتە ئەو پیاوە رۆژانە (٢٠) پیتزای سادە دەخوات.





# کورسییە سەیرەکان

کەرەستە جوانەکان بە چەندەها شێوەی جۆراجۆر دروست دەکرێن و هەریەکەش شێوەیەکی تایبەت و جوان لە خۆ دەگرێ، تەنانەت هەندێکیان دەبنە جێگەی گاڵتەجاری و بەجۆرێك لە هەمان کاتیشدا وەك کەرەستەیەکی سەرەنجراکێش دەردەکەوێت.

لەگەڵ ئەوەی دەبێ کەرەستەکانی ماڵ جوان و رازاوە بن، کەچی وادیارە بەپێ کۆمپانییەکی ئیتاڵی توانیویەتی سەیترین کورسی و قەنەفەکانی دانیشتن دروست بکات، هەر یەکە لەم کورسیانە لە شێوەیەکی تایبەت و سەرەنجراکێش دروست کراوە، تەنانەت کەس بیری بۆ ئەو کەرەستە سەیرانە ناچێت کە کورسی یان جێگەی دانیشتن بێ، بۆیە دەبن بە جوانترین و سەرەنجراکێشترین کورسی دانیشتن.



# سەیرترین کوتانی جەستەی پیاوێک

تاتۆ ئەمڕۆ بۆتە یەکێکە لە سەیرترین و باوترین مۆدەکانی جەستە، وەك ڕێگەیەك بۆ بەکارهێنانی جەستە کوتین بەکاردەهێنن، مەبەست بۆ دروست کردنی چەند وێنە و نەخش و شێوەی سەیر و تایبەت. کەچی ئەو نەریەتە ئێستا وەك هونەرێك خۆی دەنوێنێت و کاری لەم جۆرەش بۆ ئەو کەسانەیە لە تەمەنێکی هەرزەکار و بچووکن.

کەچی ئەگەر سەیرێکی ئەو پیاوە بکەین، ئەوەندەی دوو هەرزەکار گەورەیە و خەڵکی هەنگاریایە، ناوی (میسوف)ە و هەڵساوە بە ئەنجامدانی تاتۆ یان جەستە کوتین لەسەرتاپای جەستەی نەوەك بەشێك، ئەوەی سەیر بێ نەخشی تاتۆیەکەی بریتییە لە وێنە و نەخشی ترسناك بۆ ترساندنی کەسانی دیکە.





# ئەوە سەگە یان وشترە!

گیانداران بە چەندەها شێوەی سەیر و جیاواز دەردەکەون، ئەمەش کاتێك دەدۆزرێنەوە یان لە دوای لە دایك بوون بە شێوەیەکی سەیر یان دوور لە شێوەی خۆیان دەردەچن، یان لە هەندێك حاڵەتدا شێوەی گیاندارەکان تێکەڵ دەبن و کەس نازانێ ئەوە چ جۆرە گیاندارێکە! ئەگەر بە وردی سەیری ئەو وێنەیە بکەین، سەرسام دەبین لەوەی نازانین ئەوە چ گیاندارێکە، لەگەڵ ئەوەی شێوەی دەچێتە سەر وشتر بەهۆی ئەو پشتە بەرزەی هەیەتی، ئەگەر سەیرێکی شێوەی سەری بکەی وەك سەگێك دەردەکەوێ. ئەو وشتر یان سەگە لە وڵاتی بۆلیڤیا دەرکەوتووە و بۆ زیاتر زانیاریتان ئەوە سەگە و کەچی شێوەی لە شێوەی وشتر دەچێ..

# وێنەکێشان لەسەر ریشی باڵندەکان



کارە جوان و سەیرەکان لە چەندەها شێوەی جیاواز و سەمەرەدا خۆی دەبینی، لەگەڵ ئەوەی دەکرێ لە گشت بوارێك داهێنان بکرێ، بەڵام زۆر جار کارەکان بە ئەستەمی و بە قورسی جێبەجێ دەبێ. هونەری وێنەکێشان بۆ کەسانی خاوەن بەهرە یان کەسانی فێربوو بە رێگەی ئەکادیمی دەتوانن کاری وێنەکێشان و وێنە جوانەکان بکێشن. کەچی ئەو پیاوە هونەرمەندێکی وڵاتی ئەرژەنتین ناوی (خولیۆ)یە و تەمەنی (٢٩) ساڵە، توانی بەبێ هیچ رێگەیەکی ئەکادیمی یان فێرکردن، چەندەها وێنەی سەیر و جوان لەسەر ریشەی گیانداران بنەخشێنێت، بە جۆرێك هەر یەکە لەم وێنانە مانایەکی گەورە دەبەخشێ لە هەر لایەنێکی تایبەت و گشتی لە جیهان.

# حاڵی مرۆڤە قەڵەوەکان



هەرچەندە نابێ هیچ توانجێك لەسەر ئەو کەسانە بدەین کە شێوەیان شتێکی پێوە دیارە، یان بە مەبەستی گاڵەجاری بێ، بەڵام ئەو چەند وێنەیە راستەقینەیە و هەر یەکە لە شوێنێکی ئەو جیهانە گیراوە، وێنەکان گوزارشت لە مرۆڤ قەڵەوەکان دەکەن، ئەوانەی زیاد لە پێویست قەڵەوییان پێوە دیارە، وەك ئەوەی نەخۆشییەك بێ لە جەستەیان دەرکەوتبێ.

وێنەکان زیاتر لە شوێنە گشتییەکان بە نهێنی وەرگیراون، چونکە ئەگەر خاوەنی وێنەکان ئاگاداربن هەرگیز رازی نابن وێنەیان بڵاوبکرێتەوە، وێنەکان دیمەنێکی جوان و سەیر دەبەخشن، تەنانەت جێگەی داخی گشت کەسێکە کاتێك ئەو رێژە زۆرە لە گۆشتی جەستەی ئەو مرۆڤانە دەبینی!



# سەرتاشین بە نینۆکەکانی پەنجە





لە ویلایەتی فلۆریدای ئەمەریکی، سەیرترین جۆرە سەرتاشی یان جوانکاری قژی ئافرەتان و پیاوان دەرکەوتووە، ئەو سەرتاشە ناوی (فالینتینو لۆسورو) بە یەکێکە لە سەیرترین سەرتاشەکانی جیهان دەناسرێ و ئەمەش کاتێك کاری سەرتاشی دەکات و بەبێ ئەوەی هیچ کەرەستەیەکی سەرتاشین بەکاربهێنێت. (لۆسورو) نزیکەی (٢٠٠٠) دۆلار، واتە نزیکەی (٢٠) وەرەقەی تەرخان کرد بۆ ئەوەی نینۆنەکانی وەك چەقۆ یان مەقەس وابن، کە بە نینۆکی دەستکردی (کلۆز) ناسراوە، بە جۆرێك نینۆکەکانی جێگەی مەقەس و کەرەستەکانی سەرتاشینی گرتۆتەوە. کاری پێشووی ئەو پیاوە پیانۆ ژەنین بووە، بۆیە ئێستا بە ئاسانی دەتوانێ تەنیا بە نینۆکەکانی سەرتاشینێکی جوان بۆ هەر کەسێك ئەنجام بدات بەبێ ئەوەی هەڵە بکات یان شتێکی بەسەر بێ!



# کاریگەرترین و سەیرترین وێنە!

لە یەکێك لە سەیرترین و کاریگەرترین وێنەکانی ساڵی (٢٠٠٩)، کە دەبوایە خەڵاتی جوانترین و سەیرترین وێنەی پێببەخشرێت، بەڵام بەهۆی ئەو کاریگەرییەی لە ناخی گشت مرۆڤێك دەکات کاتێك سەیری ئەو وێنەیە بکرێ، بۆیە وێنەکە نەبووە جوانترین وێنەی ئەمساڵ، ئەمەش وەك ڕێگە گرتن لە بریندار نەکردنی ئەو کەسەی لە وێنەکەدا وێنەی وەرگیراوە.

وێنەکە بریتییە لە مێردمنداڵێك لە یەکێك لە وڵاتانی باشووری ئەفریقیا، کە تاوەکو ئەمڕۆش برسێتی و نەبوونی لەم کیشوەرە زاڵە. مێرد منداڵەکە بە جەستەیەکی لاواز و باریك بە سەر دەستەوە دوای کیسێکی خواردن دەکەوێ و بە هیوای گەیشتی بە خواردنەکەیە.

## مندالٌ و سەگ وەکو یەکن!







وەك ڕێگەیەك لە پاریزگاری کردنی منداڵان لە ڕووداو و کارەساتەکان، هەروەها بۆ ڕێگە گرتن لە ونبوونی منداڵ لە شوێنە قەرەباڵغ و گشتییەکان، ڕێگەیەکی سەیر و تازە دۆزراوەتەوە بۆ ئەوەی منداڵەکان پارێزراو بن لە کاتی دەرچوون یان گەڕان و بازاڕکردن. ئەوەی سەیر هەمان ڕێزیان لە منداڵ ناوە وەکو چۆن لە سەگ دەگیرێ.

ڕێگەکە بریتییە لە دانانی گوریس یان پەتك، لە ملی منداڵەکان یان ئەو منداڵانەی لەگەڵ کەسەکان دەچن بۆ دەرەوە، یان لە شوێنێکی جەستەی منداڵەکە دەخسترێ، سەرەکەی دیکەی گوریسەکە یان پەتکەکە لە دەستی کەسوکاری منداڵەکان دەبێ، بەم جۆرە دەکرێ منداڵەکان لە ونبوون و کارەسات و ڕووداوەکان بپارێزرین و سەلامەت بن.

# کاتێک دەسەڵاتەکان دەدرێت بە کچان و خانمان

کارە سەیرەکان هەر یەکە بەپێ هەر کەسێکەوە دەوەستێ، وەکو ئەوەی دەگوترێ جیهانی ئافرەت یان کچ جیهانێکی فراوان و پڕ لە شتی جوانە، ئەمەش لە گشت لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە. زۆر جار دەگوترێ چی دەبێ ئەگەر سەرکردەکان یان دەسەڵات لە دەست ئافرەت بێ، ئەوە




کارێکی ئاساییە، بەڵام چی دەبێ ئەگەر دەسەڵات لە دەست کچ و خانمە بچووکەکان بێ.

ویلایەتی کالیفۆرنیا بۆ ماوەی (١) هەفتە خانمان و کچانی ئەو ویلایەتە بوون بە سەرکردە و خاوەن دەسەڵات، لە ئەنجامدا زۆر گۆڕانکاری بەدی کرا، یەکێك لەوانە : بۆیە کردنی شوێنە گشتیەکان بە ڕەنگی پەمەیی کە تاکە خۆشەویسترین ڕەنگە لەلای کچان و خانمان، ئەوەی سەیر بێ تەنانەت بڕیاری ڕەنگکردنی فڕۆکەیەکی ئەو شوێنەیان بە ڕەنگی پەمەیی دەرکردبوو!





## چێشتخانە سەیرەکانی چین

لەگەڵ ئەوەی خەڵکی وڵاتی چیـــن زۆرترین ڕێژەیان هەیــە لە جیهان، ئەو ژمارە زۆرە دەبێ جێگە و شـــوێنی خۆیـــان هەبێ، بۆ نموونە : دەبێ هـــەر یەکە خانووێکی هەبێ، یـــان لە شـــوێنێکی تایبەتدا نان بخـــوات. بۆیە چێشـــتخانەکانی ئەو وڵاتە دەبێ گـــەورە بێ و ئەگینا جێگـــەی کەس نابێتـــەوە. ئەمەش نموونـــەی یەکێکە لە چێشتخانەکانی وڵاتی چین.



## ئەو خانمە بناسە!

وێنـــەی ئـــەو کچـــە جوانـــە، ئەو کچـــە ناوی (ســـۆهاینگ)ە و خەڵکی وڵاتی ژاپۆنە، ڕووخسارێکی جوان و ناسکی هەیە، لەگەڵ ئەوەی گشـــت کاری ماڵ دەکات و دەتوانێـــت ئەوەی مرۆڤ بیەوێت بۆی بکات. تەنانـــەت خزمەتکاریـــش نییە، بەڵکو ڕۆبۆتێکە و لەلایـــەن کۆمپانیایەکـــی ئەلیکترۆنـــی ژاپۆنی دروست کراوە.




## یاری جوڵانەوەی پیتەکان

دەتوانن بە گۆڕینی پیتێك بۆ یەکجار لەم چوارگۆشانە، لە چوارگۆشـــەیەك بۆ یەکێکی تر، دەتوانن بگەن بە ناوی تەواو کاتێك هەنگاوەکان تەواو دەبێت.


ز ا ل ۆ ن ی ا م

ئاسانکاری: تابلۆیەکی جیهانییە!

وەڵامی پێشوو : (بێخاڵ) بوو

## نوکـــــتە

☺ - جارێکیـــان کۆمەڵە کەســـێك نیازی گەشتێکی دەرەوەی وڵاتیـــان هەیـــە، یەکێکیـــان لە خۆیـــەوە دەیگوت خۆزگە تەلەفزیۆنەکـــەی ماڵمان لەگەڵ خۆم بهێنایە، زۆر دووبارە دەکاتەوە، هاوڕێکانی بێزار دەبن و پێدەڵێن : بۆ وادەڵێ ؟! ئەویش دەڵێ : ئاخر پاسپۆرتەکەم لەسەر تەلەفزیۆنەکە داناوە و لە بیرم کردووە !



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

گرفتێـــك نیگەرانی کـــردووی و بۆتە هۆی کۆتایی هاتنی پەیوەندیت لەگەڵ هاوڕێیەکی نزیکـــت، بەم نزیکانـــە چارەســـەر دەبێت و پەیوەندی نێوانتان دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئاگاداربە کەسانێك هەن چاوەڕوانن بچووکترین هەڵـــە بکەیت بۆ ئـــەوەی ڕەخنەت لێ بگرن و کێشـــەت بۆ درووســـت بکەن لەکارەکەتدا، هەســـتی خۆت مەشـــارەوە بەرامبەر ئەو کەسەی خۆشت ئەوێت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

چاوت بە کەسێك دەکەوێت کە پێشتر نەتبینیوە، ئەو کەســـە دەبێتە هاوڕێیەکی خۆشەویستت، پێویستە خاوەنی قسەی خۆت بیت و بەڵێنێك نەدەی ئەگەر ئەزانی توانای جێبەجێکردنت نییە.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

کاتێکـــی زۆر خۆش بەســـەر دەبەی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەتدا، پێشنیارێکت ئاراستە دەکرێت بۆ بەشـــداریکردن لە پرۆژەیەك، بەباشـــی بیری لێبکەوە پێش ئەوەی بڕیار کۆتایی بدەی.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەلایەن هاوڕێیەکی خۆشەویســـتی خۆتەوە هەموو ئەو یادگارییە خۆشـــانەت دێنێتەوە یاد کـــە دەمێك بوو لە یادی تۆ نەمابوون، هەرچەندە تۆ زۆر بایەخ بە پاراستنی یادگاریەکانت ئەدەی.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

پێویســـتیت بە دانانی بەرنامەیەکی نوێ هەیە بـــۆ ژیانی ڕۆژانەت بـــە جۆرێك هەوڵ بدەی چارەســـەرێك بۆ ئـــەو هەڵانـــە بدۆزیتەوە کە ئەنجامت دابوون بۆ ئەوەی دووبارە نەبنەوە.

ئا/ هێمن قەسرەیی





## ئاســـۆیی:

١_ خاوەنی وێنەی ژمارە ٢
٢_ ڕەوا(ت)+دوو پیت لە سەما
٣_ هاوڵاتی یۆنان(پ)
٤_ یاریزانێکی بەڕازیلیە
٥_ یاریزانێکی هەڵبژاردەی ئینگلتەرایە_خاوەنی وێنەی ژمارە ٤
٦_ چوار پیت لە (میمۆری)_دەوا(ت)
٧_ ناوێکە(پ)_چوار پیتی یەکەمی نارین
٨_ نیوەی تارا+دوو پیت لە نەوال_ناوێکە(پ)
٩_ وڵاتێکی ئەوروپیە (پ)
١٠_ کچە هونەرمەندێکی کوردە
١١_ ناوێکە(پ)
١٢_ سەرەتا(ت)

## ســـتوونی:

١_ خاوەنی وێنەی ژمارە ٣ (پ)
٢_ وەکو یەکە+بیروبۆچوون
٣_ نەرم
٤_ ناوی ئەو یانەیەی خاوەنی وێنەی ژمارە ١ یاری بۆ دەکات + دوو پیت لە تۆرا
٥_ چوار پیت لە (ڕانیە)_کەناڵێکی وەرزشی ئینگلیزییە(پ)
٦_ ناوێکە_ناوی دووەمی یاریزانێکی ریال مەدریدە(ت)
٧_ چوار پیتی یەکەمی دانتی_چوار پیت لە تەنیا
٨_ وەکو یەکە+وەکو یەکە_مەلا(ت)
٩_ وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمەریکا+بەناوبانگترین تابلۆ لە مێژوودا
١٠_ دانا(ت)
١١_ ناوێکە
١٢_ چوار پیت لەناوی خاوەنی وێنەی ژمارە ٥

## بۆ زاخـــاوی مێشک



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:


**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بە دەست لە کەسێك بدەیت)
- پیتی خانەکانی (٣+٥+٦+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنەوەیەکی تاڵە و زیاتر عەرەب دەیخاتەوە)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٦) کۆبکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی ڕۆژ)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+١+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پیاوی ئایینی مەسیحییەکان)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی ( **مۆندیال** ) بوو



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**
ئەو کەسەی خۆشت ئەوێت دڵگرانە بەرامبەر ئەو هەڵسـوکەوتانەی ماوەیەکە بەرامبەری ئەنجام دەدەی، ئەگەر بەو شـێوەیە بەردەوام بیت لەوانەیە کۆتایی بە پەیوەندی نێوانتان بێت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**
لەکۆتایی ئەم هەفتەیەدا هەواڵێکی پێدەگات کـە ماوەیەکـی زۆر لەچاوەڕوانی دابووی و دڵت خۆش دەکات، لەهەمان کاتدا هەواڵێکی چاوەڕواننەکراوت پێدەگات کە پێشبینیت نەدەکرد.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**
کەسێك هەوڵ دەدات کێشە بخاتە نێوان خۆت و هاوڕێیەکت بەو مەبەسـتە چەند قسەیەك دەکات کە دوورن لەڕاسـتی، ڕێگا مەدە ئەو قسانە کار لەپەیوەندی نێوان خۆت و هاوڕێکەت بکات.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**
کەسـانی خاوەنی ئەم بورجە حەز بە کێشە و گرفـت ناکەن بەڵام زۆر جـار ناچار دەکرێن کە توڕە ببـن، هێمنی خۆت بپارێزە و مەهێڵە قسەی خەڵك کاریگەری لەسەرت درووست بکات.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**
بەهۆی ئەو هەستەی بەرامبەر خۆشەویستەکەت هەتـە و هەموو کات بیر لەخۆشـبەختی ئەو دەکەیتـەوە، لەبەرامبەردا ئەویش هەوڵ ئەدات هەمان هەستی تۆی هەبێت و لەخەمەکانت کەم بکاتەوە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**
ئێستا توانای زۆرت هەیە بۆ ئەنجام دانی ئەو کارەی دەمێکە بیری لێ دەکەیەوە و دەتوانی ئـەوەی ئەتەوێت بەدەسـتی بهێنـی، بۆیە پلانێکی پتەو دابڕێژە و دەست بە ئەنجامدانی بکە.

hemntoni@yahoo.com